www.kurdistannet.org
23-2-2006 15:26 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەسەرکردنەوەی یاری زانی کورد لە هەندەران: یاری زانی لاوی کورد بڕیار تایەر لەتیف کەریم کە ناسراوە بە بڕیار کەریم دانیشتووی وولاتی سوید، شاری مالۆ.



بە پێویستمان زانی کەوا چاوپێکەوتن ساز بدەین لە گەڵ یاری زانانی لاوانی کورد لە هەندەران لە ڕاستیدا تاوەکو ئێستاکە کەس ئەم ئەرکەی نەخستۆتە سەر شانی خۆی بۆ بەسەر کردنەوەی یاری زانانی کورد لە هەندەران و کوردستاندا بۆیە من وەك یاری زانێکی هەڵبژاردەی شاری سلێمانی کۆن ئەم ئەرکەم خستە سەر ئەستۆی خۆمەوە بۆ خزمەتکردنی یاری زانانی کورد لە هەر جێگایەك بن بە بێ بیرو باوەڕی سیاسی و فکری چاوپێکەوتنی ئەم جارەمان لە گەڵ یاری زانی لاوی کورد بڕیار تایەر لەتیف کەریم کە ناسراوە بە بڕیار کەریم دانیشتووی وولاتی سوید، شاری مالۆ.

ئەنور * کاك بڕیار سالاو، پێشەکی دەتوانیت بە کوردی بدوێیت دەربارەی ژیانی خۆت؟ بڕیار... بەڵێ من کوردم زۆربەی کات بەکوردی دەدوێم بە تایی بەتی لە ماڵەوە بە کوردی قسە دەکەین پێشەکی من کوڕی یاری زانێکی بە ناو بانگی کوردم کە بە (تایەر لەتیف یان تالە خڕە) بە ناوبانگە لە ساڵی 1988 لە سوید شاری مالمۆ لە دایك بووم لە دایك و باوکێکی کورد.

ئەنور * لە ساڵی چەند دەستت بە وەرزشکردووە و کام یانە بووی؟ بڕیار... ساڵی 1996 دەستم بە یاری کرد لە گەڵ منداڵانی یانەی مالمۆ ئێف ئێف کە یەکێکە لە یانە پلە نایابەکانی وولاتی سوید زۆربەی کات پلەی یەکەمیان بەدەست هێناوە و بەشداری خولی شامپیۆنی ئەوروپیشان کردووە کە زۆر یاری زانی باشی سوید لەم یانەیە دا پێگەشتوون.

ئەنور * سەردانی کوردستانت کردووە و وەرزش چۆن دەبینی لە کوردستان؟ بڕیار... بەڵێ سەردانم کردووە و چووشم بۆ سەیری یاری و تەماشاکردنی مەشقی یانەکان لە ناو یاریگای سلێمانی، لە ڕستیدا ئاستی وەرزش بەراوەرد ناکرێت لە گەڵ وولاتێکی وەك سوید یان ئەوروپا، لە زۆر شتەوە وەك یاریگا و کەلوپەلی وەرزشی و ڕاهێنەری باش و پزیشکی تایبە توو زۆر شتی تر.

ئەنور * حەزدەکەیت بگەڕێتەوە بۆ کوردستان و خزمەتی وەرزشی وولاتەکەت بکەیت؟ بڕیار * ئەم پرسیارە زۆر قورسە چونکە کە تەماشای باوکم و مامم دەکەم (عەلی لەتیف) کە باشترین یاری زانی کوردستان بوون تاوەکو ئێستاکە هیچ کەس و لایەنێك ئاوڕی لێیان نەداوەتەوە، من وەك خۆم زۆر حەز دەکەم بگەڕێمەوە بۆ کوردستان و خزمەوتی وولاتەکەم بکەم بەلام بە داخەوە باوەڕ ناکەم بتوانم بژیم لە کوردستان، چونکە کەسانێك وەرزش دەبەن بەڕێوە کە لە وەرزش شارەزاییان نییە ئەگەر شارەزایشیان هەبێت لە ژێر چەتری مەسئولێکی حیزبی کار دەکات ئەمەیە هۆی دواکەوتنی وەرزش.

ئەنوەر * باشە ئەگەر لە داهاتوودا هەڵبژاردەی کوردستان پێوویسیان بە تۆ بێت یاریان بۆ دەکەیت؟ بڕیار * بە ڵێ من ئامادەم کەی داوام بکەن. ئەوە جێگای شانازیە بۆ من.

ئەنوەر * دوا ووشەت چییە بۆ وەرزشکارانی کورد لە کوردستان؟ بڕیار... پێوسیتە لە سەر دایکان و باوکان یارمەتی منداڵەکانیان بدەن رێگای وەرزشکردنیان لێنەگرن وەرزشکار دەبێت گوێڕایەڵی ڕاهێنەر بێت، زۆربەی کاتی ژیانی تەرخان بکات بۆ وەرزشەکەی ئەنوەر * لە کۆتایی ئەم چاوپێکەوتنەدا زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەکەین بۆ ئەم چاوپێکەوتنە هیوا دارین بەوەرزش سەری کوردستان بەرز بکەنەوە لە جیهاندا.

ئەنوەر خەراجیانی پەیامنێری کوردستان نێت anwar@malmo2. net



